

# ئارەزوو

**سالی غرای***

**لە عەرەبییەوە: گەیلان محەمەد**

(ئیموگن) زیاتر لە هەر ژنێکی دیکە کە بەدبەختی پێت ئاشنا دەکا لەخۆبایی بوو بە جوانییەکەی، بەر لە دەساڵ شوو دەکا بە (گریگۆری)ی خاوەن سامانو دەوڵەمەند، بەڵام زۆر ئاشکرا دیار بوو کە خۆشەویستی نیشانەی ئەم هاوکێشەیە نەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە (گریگۆری) زۆری ئەو خۆش دەویست، بەڵام بەردەوام (گریگۆری)ی دەترساندو سوکایەتیی پێ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا (ئیموگن) ئەکتەرێکی زیرەک بوو، لە بەرچاوی خەڵکیدا باوەشی بە مێردەکەیدا دەکردو بە شۆخییەوە رایدەوەشاند، بەڵام بەدەر لەو کاتانە

## دەق

مامەڵەی لەگەڵ ئەودا هەر سوکایەتی پێکردن بوو، تەنها شتێ (ئیموگن) کە لە (گریگوری) مێردیدا خۆشی دەویست حسابە بانکییە قەبەکەی بوو، ئەو تەنها میراتگری باوکییەتی‌و بۆتە خاوەنی هەموو موڵک وماڵێکی، هەر لە حسابی بانکییەوە تا کۆشکو تەلارو ئوتۆمبێل‌و شتی تریش. (ئیموگن) تەمەنی بیست‌و دوو ساڵ بوو، کارێکی بێ کەڵکی دەکرد کە شایەنی باسکردن نییەو لە بەشێکی ئاسایی ماڵێکدا نیشتەجێ بوو، رۆژێ یەکێ لە هاورێکانی قەناعەتی پێدەکا، کە لەگەڵیدا بچێ بۆ یەکێ لە یانە شەوانەکان، لەوێ لەو یانەیەدا چاوی دەکەوێ بە (گریگوری) هەر یەکسەر گریگۆری تا سەر ئێسقان پێی سەرسام دەبێت، بڕوای وابوو کە مرۆڤێکی بەهێزو جوانە، لەگەڵ ئەوەی هیچ لەمانە نزیک نەبوون لە راستییەوە.

(گریگۆری) زۆر بە دەستبڵاوییەوە پارەی بۆ خەرج دەکرد، هەر ئەویش هەڵدەستا بە رێکخستنی ئاهەنگو ئامادەکردنی خواردن‌و هەموو هۆکارێکی خۆشنودی لە چێشتخانەو ئوتێلە گەورەکاندا، جگە لەوەی لەگەڵ خۆیشیدا دەیبرد بۆ دەرەوەی وڵات، هیچ کەس ناکاوگیرنەبوو کاتێ (گریگۆری) داوای لە (ئیموگن) کرد ببێتە هاوسەری، تەنانەت (ئیموگن) یش خۆی ئەو داواکارییەی زۆر بەلاوە ئاسایی بوو، چونکە هەر لە سەرەتاوە زانیی چۆن وای لێ دەکا کە وەک ئەنگوستیلە بێت لە پەنجەیدا، لەژێر فەرمانی دەرنەچێت‌و داواکارییەکانی بە چاوتروکانێک جێبەجێ بکات هەر کە رێورەسمی هاوسەرگیری کۆتایی هات، ئیتر (گریگۆری) وەک سەگ دەژیا، ئەگەرچی (ئیموگن) لە هەڵسوکەوتو

مامەڵەی لەبەرچاو کەسوکارو ناسیاودا وەک هاوسەرێکی نموونەیی دەهاتە بەرچاو، بە راستی ئەو شایەنی خەڵای ئۆسکارە بۆ ئەو رۆڵەی کە زۆر بە جوانی لەبەرچاوی خەڵکدا دەینواند. (ئیموگن) زۆر شەیدای پێڵاو بوو، چەندە پێڵاو گران بوایە زیاتر حەزی لێ دەکرد.

هەر کە پێڵاوێکی نوێی دەسەند، دڵی دەحەوایەوە. سیانزە جووت پێڵاوی دانابوو، کە هەموویان مارکەی ئیتاڵی‌و لەسەر هەمان شێوەو دیزاین بوون، تەنها رەنگیان جیاواز بوو. ئێستا بیستویەتی کە رەنگی چواردەهەم لەو جۆرە پێڵاوە کەوتووەتە بازارەوە هەر لەو رۆژەدا کە رۆژی پشوو بوو. نیوەڕۆ لە خەو هەستاو خشتەیەکی چڕوپڕی بۆ ئەو رۆژە دانا، خێرا ئوتۆمبێلێکی تایبەتی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی سەرەتا بچێتە ئارایشتگەو خۆی برازێنێتەوە، پاشان بچێتە بازاڕ، لەوێ پێڵاوە ئیتاڵییەکە بکڕێ. (گریگۆری)یش شەوی پێشوو ترس‌و دڵەڕاوکێ دایگرتبوو، خەوی لێ نەدەکەوت‌و لەبەر خۆیەوە تکای دەکردو دەپاڕایەوە، کە ژنەکەی خەرجییەکانی کەم بکاتەوە. دوای هەستی بە شەرم کردو تەریق بووەوەو وتی چ ئابڕوچوونێکە؟ نەخێر بێگومان پیاو دەبێ هەمیشە خێزانەکەی بە جوان‌و قەشەنگی دەرکەوێت، هەرچۆنێک بێت مافی ئەوەی هەیە چێژ لە ژیان وەربگرێت‌و هەندێ جاریش هەوڵ دەدات هاوسەرێکی باش بێت. ئەمە بۆ ئەو وەک ئەرکێک وایە، کە زۆر بە زەحمەت ئەنجامی دەدات.

(گریگۆری)یش بەردەوام بەشێوەیەکی رۆمانسییانە مامەڵە دەکا ئایا. ئەم لایەنە گرنگترین لایەن نییە لە هاوسەریدا؟ دوا شت کە (ئیموگن) ئەنجامی

دا سوراوکردنی لێوە بەنرخەکانی بوو، دواتر لە ئاوێنەدا بە خۆشەویستی و سەرسامییەوە تەماشای خۆی کردو وتی: بەڵی بەڵێ، وەک ئەوەی ئەو سەیرکرنە یەکسان بێت بە یەک ملیون دۆلارو پاشان سواری ئەو سەیارە کەشخەیە بوو، کە قەیرێکە چاوەڕێی دەکا.
کابرای شۆفێر هاواری کردو بە سەرسامییەوە سڵاوی لێ کرد، بەڵام ئەو خۆی ناهێنێتە ئەو ئاستەی وەڵامی سڵاوی کەسێکی ئاسایی بداتەوە. گەیشتنە ئارایشتگەو بەرلەوەی دابەزێ، بە لوتبەرزیو دەستی داپۆشراوی بە خشڵو زێڕ برێک پارەی پێدا (سەیر ئەو گاڵتەجاڕییە کاتێ منداڵ بووم کچێکم دەناسی تەواو لەم دەچوو، لە بەشێکی پەرپوتی ئەو خانوەدا دەژیا، کە من تێیدا نیشتەجێم. شتێکە ئەقڵ نایبڕێو پێکەنیناوییە)، بەمجۆرە شۆفێرەکە لەگەڵ خۆیدا دەدوا.
(ئیموگن) نەوەت جونەیهی دا بە خاوەن ئارایشگاکەو بە قژێکی لولخواردوو کە گێژەڵوکە نەیدەجولاند، چونکە هەمووی تەوقە بوو، کە هاتە دەرەوە ئێستا سەرەی پێڵاوە ئیتاڵییەکانە، کە لەسەر خانەی گەورەترین دوکانە ئیتاڵییەکان دانراوە. (نوفیوریتشی) (ئیموگن) ئارەزووی هیچ ناکا، جگە لە کرینی ئەو جووتە پێڵاوە، کە بۆنی چەرمەکەی زیاتر باری خراپتر کردو تا وای لێ هات وەک ئەو کەسەی فێری مادە هۆشبەرەکان دەبێت پێویستە هەموو ڕۆژێ بیخوات، ئەویش بەو جۆرە ئالودەی کرینی پێڵاوبوو، لە جامی یەکێ لە دوکانە بازرگانییەکاندا سەیری خۆی کردو پێکەنی. هەموو ئەو شتەی کە ژن پێویستییەتی ئەم خاوەنییەتی. برۆی جوانو دەموچاوێکی توندو بەرزکردنەوەی سنگ بە سیلیکونو کۆلاجینو تەواوی ئەو کەرەستانەی کە بۆ جوانکاری بەکار دێت. دوای ئەوە خاوەنی ماڵێکی جوانو هەروەها (گریگۆری)شە.
(گریگۆری) تەواو وەرس بوو، هەستی بەوە دەکرد تێکشکاوە، کارەکەی تا دەهات روو لە خراپی بوو، خاوەن قەرزەکان هەموو ڕۆژێ دەرگای کۆمپانیایان پێ دەگرت، ئەگەر (یموگن) هەستی هاوسەریی هەبوایەو بیزانیایە کە ئەوژیانی گرێدراوە بە پیاوێکەوە دەرکی دەکرد بەوەی کە بەسەر (گریگۆری)دا هاتووەو هەوڵی دەدا ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ، بەڵام لە خەرجکردن هەر بەردەوام بوو هەرچەندە پارەی زیاتری خەرج بکردایە، زیاتر (گریگۆری) خەمو خەفەت دایدەگرت. ڕۆژێک خۆی کرد بە دوکانێکداو دەستی کرد بە کەڵەکەکردنی پێڵاو، هەروەک پڵنگ راوی نێچیرەکەی دەکرد. یەکێ لە فەرمانبەرەکان هات و لێی پرسی، چۆن پارەی ئەو هەمووە دەدەیت؟ ئایا ڕێگەیەکی تر هەیە؟ بێگومان بەکارت پارەکەی دەدەم. فەرمانبەری دوکانەکە کارتەکەی لێ وەرگرتو بە ئامێرەکەدا هێنایو بردیو هاتەوە بۆ لای. (ئیموگن)و دڵخۆشی بە روخسارییەوە دیاربوو، خانمەکەم کارتی بیمەکردنەکەت ناشێ بۆ کارکردن. (ئیموگن) بە توڕەیی و ڕقەوە هاواری کردو دەموچاوی سوربووەوە. مەبەستت چییە بە ئاسمان سوێنت دەدەم ئەی گێژە؟
من چەند ساڵێکە لێرە بازارش دەکەم، بێگومان تۆ هەڵەت کردووە، بەڵام کچەکە زۆر چێژی وەرگرت کاتێ بۆ خاتوو (ئیموگن)ی روونکردەوە، کە کارتەکەی نەشیاوە. بەهۆی ئەو هەموو پارە زۆرەی کە هاتووەتە سەری، ڕێگە نادات بەوەی

هیچ شتێکی تر بکڕێت (ئیموگن) وا دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی خەریکە بتەقێتەوە یان تەواو ئەقڵی لە دەست بدات.

نا نەخێر، بێگومان هەڵەیەک لە (بانک)دا رووی داوە، دەبێ یەکێ بە دەرکردن بدەمو وا بکەم کارەکەی لە دەست بدات. (ئیموگن) داوای لە کچەکە کرد کەلوپەلە کڕاوەکانی لەسەر حسابی مێردەکەی بنووسێ، ئەویش بەوپەڕی چێژوەرگرتن لە هەموو وشەیەک کە دەیڵێت وتی بەداخەوە خانمەکەم هاوسەرەکەت حسابەکەی لای ئێمە داخستووە، بەر لە سێ رۆژ نامەیەکی ئاراستە کردینو ئاگاداری کردینەوە کە قرشێک لە نرخی ئەو شتومەکانە نادات، کە دەیکڕیو ئەو هیچ بەپرسیار نییە لێی. (ئیموگن) وەک شێت چووە دەرەوەو بەرەو لای ئامێری گۆڕینەوەی پارە رۆیشت، جارێکی دیکە تووشی شۆک بوو، کە بینیی ئەو پارانەی کە لە حسابەکەیدا بووە، جگە لە (٣٠) جونەیە، هیچی تری نەماوە. مێردەکەی هەموو حسابەکەی بلۆک کردبوو، ئەوەی (ئیموگن) لەبارەی «گریگۆری»یەوە دەیزانی زۆر کەم بوو، راستە ئەو داماو و بێ دەسەڵات دەردەکەوت، بەڵام کەسێکی تر هەیە گرنگی دەدات بە (گریگۆری)و لە خەمو توندوتیژیو لاساریو تەماعی ژنەکەی کەم دەکاتەوە. ئەو کەسە خاتوو «غروبر»ی سکرتێریەتیو ماوەیەکە بایەخی پێدەداتو خەمی کاروبارەکانی دەخوات، بە هەموو شێوەیەک دەربەسی دێت، ئەوەی دەرخست بۆ (گریگۆری) کە ژنەکەی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێتو پێی پێدەکەنێو بڕوای پێ هێنا ئەوەی ئەو پێویستییەتی تەنها بایەخپێدانییەتی، کە ئەو وەک سکرتێر بۆی دەستبەر دەکاو سەرنجی بۆ ئەوە راکێشا، کە (ئیموگن) هەر لە مانگی رابردوودا پارەیەکی زۆری بۆ کڕینی پێڵاوی چەرم خەرج کردووە. ئەمە وای کرد لە (گریگۆری) بڵێ (ئیموگن) شێتەو هەستی کرد باری ئابووریی زیاتر ناجێگیرو شلوق دەبێ داوای کرد لە ژنەکەی ئیمزا لەسەر دوو نموونە بکا لە (بانک)، هەردووکیانی ئیمزا کرد، یەکێکیان وازهێنان بوو لە هەموو ماڵ و موڵکەکەی، دووەمیشیان بۆ گواستنەوەی باڵانسەکەی بوو بۆ حسابی تایبەتی خۆی بەناوی خۆیەوە. لەو کاتەدا (گریگۆری)و سکرتێرەکەی هەردووکیان سواری فڕۆکە بوون بۆ ئەوروپا. (گریگۆری) زەردەخەنەیەک گرتیو لە دڵەوە پێدەکەنی، راستە خاتوو (غروبر) وەک (ئیموگن) جوانو شۆخو شەنگ نەبوو، بەڵام یەزدانی گەورە کۆمەڵێ خەسڵەتی تایبەتی پێبەخشیوو، کە جێگەی ئەو شۆخو شەنگییەی بۆ گرتبووەوە.

ئێستا گریگۆری بووەتە پیاوێکی بەختەوەرو ئازاد لە هەموو قەرزارباریەک. (ئیموگن)یش لە تاوا بە تورەییەوە بە رێگە قەرەباڵەغەکاندا رایدەکردو لەپڕێکدا پاسێکی نەفەرهەڵگر لێی داو ژیانی کۆتایی پێهات، ئەمە لە رۆژی هەینی (١٣)ی ئەو مانگەدا رووی دا، پێشبینیی چی تر دەکەی ژمارەی ئەو پاسەیش کە لێیدا سیانزە بوو.

**سەرچاوە:**

دبی الثقافی، ٢٠١١/٣/١

*ژنە نووسەرێکی ئوستکولنوی هاوچەرخە.